




گەشاوە جاف

دڵم بۆتە لانەی خەمی عاشقانی ووڵات

بۆ تە خەراباتی سەر دەرناكەم

لەم خەمە بێ شوومارە

فرمێسك جاوانم لێڵ دەكات

وورده وورده دەرژێتە خوارێ

كەچی ناتوانێ داییمركێنێ

گڕی تاسەی شێوەی عاشقێكی

كوژراو

سەرم پڕە لە هاواری شەهیدانی

ڕێگەی عەشق بە هیچ دۆعا و نزایەك

ئەم سەدایە كپ نابێت

نەبوونی خۆشەویستی لە ووڵات

دەردێكەو دەواكەی زۆر بە ئاسان

پەیدا نابێت

نا ڕاستی و یەکتر هەڵ خەڵەتان

خەریکە بەهای چیرۆکی ئەفسانەی

عاشقان لەناو دەبات و ئەیڕەوێنێتەوە

عەشق ئەمڕۆ لە وڵاتمان بۆتە

ڤایرۆسی کوشتنی گشت مێ یەکان

پیاوانی کۆمەڵگەکەم کە مێ وەفا بنوێنن

کەم دڵی عاشقانی وولاتم بڕەنجێنن

بابەس بێ لەت و پەت کردن بە نەزانی

باوك ،برا،هاوسەر هەر خۆتانن تا مردن

ئەکێشن پەشیمانی

زۆر بەداخە پیرۆزی خۆشەویستی تان

ڕەوانەوە ئەی بەن بەرەو نەمان

عەشقتان کردە تابوویەك لە بەردەمی

هەموو لاوان.

تێبینی: ئەم هۆنراوەیە پێشکەشە بە گیانی گشت شەهیدانی ڕیگەی عەشق لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان.

لەندەن / ٢٠٠٧